# هةلَكةوت عةبدولَلاَ، ئةو رةوتةي كة ئةلياوةر مامةلَةي ثيكرد بةرامبةر بزوتنةوةي ريفراندؤم هةمان قسةو بيركردنةوةكاني سةدام حسين بوو بةلاَم لةقورطي ئةلياوةر هاتة دةرةوة، ... ئا/ ئاسو



بزوتنەوەی ریفراندۆم رۆژی 2004/10/2 چەند چالاکییەکی سەرتاسەری لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ساز کردو ئەمەش بووە دیاردەیەکی کاریگەرو (غازی یاوەر) ی ناچارکرد کە هەڕەشە لەبزوتنەوەکە بکات، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەکارو چالاکییەکانی بزوتنەوەی ریفراندۆم لەئایندەدا ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ برای نوسەرو رووناکبیر (هەڵکەوت عەبدوڵڵا) ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم سازکرد.

:دوا بەدوای ئەو زنجیرە چالاکییانەی کەبزوتنەوەی ریفراندۆم ئەنجامی دا دەکرێ پێمان بڵێی ئایندەی بزوتنەوەکە بەکوص دەگات؟.

هەڵکەوت عەبدوڵڵا: لەواقیعدا ئێمە لە 8/5 کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرتاسەری لیژنەکانی کوردستانمان کرد، کە نوێنەری شەش شاری کوردستانی تێدا بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارماندا چەند چالاکییەك هەبوو کەلە کۆنفرانسدا بڕیارمان لەسەردا بوو ئەنجامیان بدەین و بەکۆتاییان بگەیەنین، یەکەمیان بریتی بوو لەوەی چەند چالاکییەکی هەمەڕەنگ ئەنجام بدەین و ڕێپێوانی سەرتاسەری لەهەندص شوێنی کوردستان و دەرەوەی وڵات ئەنجام بدەین، بۆیە ئێمە لە 2004/10/2 لەهەموو شارەکانی کوردستان هەریەکەو بە پێی گونجان و دەرفەتی شارەکە ڕێپێوانی سەرتاسەری یاخود چالاکی هونەریمان کرد، لەدەرەوەی وڵاتیش لەچوار وڵاتی گەورەدا (سوید – بەریتانیا – ئەڵمانیا – نەمسا) چالاکی خۆمان کرد، خاڵی دووەمی چالاکییەکانمان ئەوە بوو کە ئێمە ئیمزاکانمان تەواو بووە، ئەو ئیمزایانەش دەبص لەڕێگەی لیژنەیەکەوە بگاتە دەرەوەی وڵات و بتوانین لەئاستی نێو نەتەوەییدا ئیش بەو ئیمزایانە بکەین و بیگەنینە ئەنجامی خۆی، ئەمە ئەو دوو شتە بوو کە بڕیارمان لەسەردا بوو کەلەقۆناغی داهاتوودا ئەنجامی بدەین.

هاوکات ئێمە لەڕۆژی هەینیدا کۆبوونەوەیەکی فراوانی شارەکانی کوردستان دەکەینەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی قۆناغی پێشوو، وەقسەکردن و تاوتوێکردنی ئەوەی داخۆ بزوتنەوەی ریفراندۆم لەئێستاوە تا سەردەمی هەڵبژاردن لەکوردستاندا چ دەتوانص بکات. چونکە ئەو ئیمزایانەی ئێمە کاتێکی درێژخایەنی دەوص لەدەرەوەی وڵات و دەشص پص رانەگا بۆ کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاخود ئەوەی لەعێراقدا دەکرص، بۆیە دەبص بزوتنەوەکە کۆمەڵە چالاکییەك بکات کەبتوانص حزوری هەبص و بتوانص فشاری جەماوەریی ئەو بزوتنەوەیە نیشان بدات.

غازی ئەلیاوەر هەڕەشەی لەبزوتنەوەی ریفراندۆم کرد، پاش ئەم هەڕەشەیە ئێوە چ کاردانەوەیەکتان دەبص و گەر کۆسپ خرایە بەردەمی بزوتنەوەکە چی دەکەن؟

هەڵکەوت عەبدوڵڵا: ئێمە وەکو بزوتنەوەی ریفراندۆم بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەی هاوچەرخانە داوای مافێکی دیاریکراوی خۆمان دەکەین، ئەویش ئەوەیە لەخەڵکی کوردستان بپرسن داخۆ چی دەوص؟ وە ئەو قسانەی ئەلیاوەر دەریبڕیوە لەواقیعدا یەك دوو هەڵەی گەورەی تێدایە، یەکەم: ئەو باس لە مەسەلەی جیابوونەوە دەکات، ئێمە دەمانەوص هێما بۆ ئەوە بکەین کە خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەیان بەزۆر لکێنراون بەعێراقەوە. لەبەرئەوە ئەگەر بمانەوص چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین ناچێتە قاڵبی جیابوونەوەو جیابوونەوە خوازی، خاڵی دووەم، ئەو رەوتەی کە ئەلیاوەر مامەڵەی پێکرد بەرامبەر بزوتنەوەی ریفراندۆم هەمان قسەو بیرکردنەوەکانی سەدام حسێن بوو بەڵام لەقوڕگی ئەلیاوەر هاتە دەرەوە، چونکە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەشێوازی تێڕوانینەکەدا.

خاڵی سێهەم: من لە ئەلیاوەر دەپرسم بەچی یەکالایی دەکاتەوە لەگەڵماندا؟ چونکە خۆشبەختانە ئێستا لەعێراقدا سوپا نییە، ئەلیاوەر خۆی رەوایەتییەکی کاتی هەیە لەبەرئەوە سەرکردەیەکی کاتی عێراقە، وە هیچ رەوایەتییەکی گەورە لەپشتییەوە نییە تا من بڵێم دەتوانص بیکات، نە لەباری کردارییەوە نە لەباری یاساییەوە.

ئێمە وەك بزوتنەوەی ریفراندۆم سوورین لەسەر ئامانجەکانی خۆمان، لەسەرئەوەی کەدەبص لەخەڵکی کوردستان بپرسن داخۆ دەیەوص لەعێراقدا بص یان سەربەخۆ بص. لەمەشدا نەك ئەلیاوەر بەڵکو ئەلیاوەرەکانیش ئەگەر ببنە کۆسپ لەڕێگەماندا ئەوەی لە 10/2 نیشانماندا، دەتوانین بەشێوازی جیاوازترو کاریگەرتریش لەڕۆژەکانی داهاتوودا نیشانی بدەین.

: دەربارەی رەخنەی ماڵپەڕی (کوردستان نێت) چی دەڵێن کە رەخنەییان لێگرتوون کەلەبەرامبەر هەڕەشەکانی یاوەردا بێدەنگ بوون؟

هەڵکەوت عەبدوڵڵا: لێرەدا دەمەوص چەند خاڵێك روون بکەمەوە، هەر لەسەرووی ئەو دێرانەوە کە کوردستان نێت بەناوی خۆیەوە بەخەتی سوور بڵاویکردۆتەوە دوو بابەتی بزوتنەوەی ریفراندۆم لەدەرەوەی وڵات بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاوبۆتەوە.

ئێمە بزوتنەوەیەکین، حیزبی سیاسی نین، ئەوەی لەدەرەوەی وڵات دەردەچص گوزارشت لەتێڕوانینی ئێمەش دەکات، بۆیە بەچاکمان نەزانیوە لەناوەوەی وڵات بابەتێکی تر بڵاوبکەینەوە، وە ئەگەر کوردستان نێت ئەمە بەوە لێکبداتەوە گوایە ئێمە لەناوەوەی وڵات لەژێر کاریگەریی هێزە سیاسیەکاندا بووین بۆیە بێدەنگ بووین، من دەمەوص لەڕێگەی ئێوەوە بەوان و بەهەموو دنیاش رابگەیەنم ئێمە بەسوێندخواردن و قورئان خواردن ناتوانین سەربەخۆیی خۆمان بۆ خەڵك نیشان بدەین و دەریخەین کەبزوتنەوەیەکی سەربەخۆین، دەتوانین بڵێین با داهاتوو مەحەك بص لەنێوانماندا داخۆ ئێمە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆین یان گرێدراوی ئەملایەن و ئەو لایەنەین، خاڵێکیتریشی ئەوە ئەو ئیمزایانەمان بۆ سەربەخۆیی کۆنەکردۆتەوە، ئێمە ئەو حەقەمان بەخۆمان نەداوە ئیرادەی تاکی کورد زەوت بکەین و پێشوەخت بڕیاری بۆ بدەین چی هەڵبژێرص، بەڵکو دەڵێین با بێین لێیان بپرسین و لەڕێگەی پرسیارەوە خۆیان دیاری بکەن، داخۆ دەیانەوص لەعێراقدا بمێننەوە یان سەربەخۆ بن، واتە ئێمە ئەو ئیمزانەمان بۆ سەربەخۆیی کۆنەکردۆتەوە تا کوردستان نێت رەخنە لەئێمە بگرص کەبۆچی بۆ سەربەخۆیان کۆکردۆتەوەو کەچی بێدەنگ بووین لەئاستیدا؟

: پارتی و یەکێتی وەك دوو هێزی سیاسی و گەورەو باڵا دەست هەموو بڕیارەکانیان مۆنۆپۆڵ کردووە، واتە ئێوە دەتوانن چی بکەن لەدەرەوەی پارتی و یەکێتی؟ ئایا دەتوانن ئەوانیش ناچار بکەن بۆ داخوازی ریفراندۆم؟

هەڵكەوت عەبدوڵڵا: بزوتنەوەی ریفراندۆم بۆ ئەوە نەهاتۆتە ئاراوە كەوا هەڕەشە لەپارتی و یەكێتی بكات، كە بۆچی مۆنۆپۆڵی گۆڕەپانی سیاسیان كردووە؟ بەڵكو ئەوە ئیشی حزبەكانە ئەو حزبانەی كە بەئۆپۆزسیۆن ناوزەد دەكرێت، ئێمە وەك بزوتنەوەیەك كەپێی دەوترص بزوتنەوەیەكی جەماوەری بۆ ئەوە هاتووین داكۆكی لەمافەكانی جەماوەرو خەڵكی كوردستان بكەین، هاوكاتیش ئەگەر بتوانین لەڕێگەی دیالۆگ و ئەو فشارانەی كە وەك گروپی فشار دەتوانین دروستی بكەین، قەناعەت بەپارتی و یەكێتی بكەین، كە زیاتر بكرێنەوە بەڕووی ئامانجەكانی خەڵكی كوردستانداو لەژووره داخراوەكاندا بڕیار لەسەر چارەنووسیان نەدەن و بەئارەزووی خۆیان ئاڕاستەی ستیراتیژیان نەگۆڕن كەجەماوەرەكەیان لەگەڵیاندا نییە.

ئەگەر خەڵك لەڕێگەی ریفراندۆمێكی ئازادەوە دەنگی بەسەربەخۆیی داو پارتی و یەكێتی و دەوڵەتی ناوەندی نەچووە ژێر ركێفییەوە دەتوانن چی بكەن؟

هەڵكەوت عەبدوڵڵا: دوو جۆر ریفراندۆم هەیە، ریفراندۆمێك پێی دەوترص ریفراندۆمی یاسایی و رەواو رەسمی، ریفراندۆمێكیتر پێی دەوترص ریفراندۆمی ناڕەسمی. ئەوەی كە ریفراندۆمی رەسمییە ئەگەر دامودەزگایەكی نێو دەوڵەتی پێی هەڵستێت یاخود پەرلەمانی كوردستان بڕیاری لەسەر بدات لەو حاڵەتەدا هەڵسانیان بەریفراندۆمەكە دەیسەپێنص بەسەریانداو كەدەبص رێز لەریفراندۆم و ئیرادەی خەڵك بگرن، خۆ ئەگەر هاتوو ریفراندۆمە رەسمییەكە نەكراو دامودەزگا نێو دەوڵەتییەكان لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا نەهاتنەو زەمەنێكی دیكە هاتنە پێشەوە، لەو حاڵەتەدا خەڵكی كوردستان بۆی هەیە لەڕێگەی ریفراندۆمێكی ناڕەسمیەوە ئیرادەی خۆی نیشان بدات كەچی دەوص؟

لەو حاڵەتەدا پێویستە هەم بزووتنەوەی ریفراندۆم، هەم بزووتنەوەكانی دیكە كە بۆ مافەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كاردەكەن وەكو پرۆسەیەكی دیموكراسی هاوچەرخانە كار بۆ ئەوە بكەن ئەوەی كەئەمڕۆ قبوڵ ناكرص لەداهاتوودا ببێتە واقیع، چونكە شەڕی دیموكراسی شتێك نییە كە بەجەولەیەك یاخود بەیارییەك بێتە ئاراوە، بەڵكو دەشص شەڕێك بێت چەندین ساڵی بووص تا بتوانص ئەو ئامانجە بەدەست بهێنی، بەڵام ئێمە وەكو بزوتنەوەی ریفراندۆم سوورین لەسەر ئەوە، هەتا ریفراندۆم دەكرص لەسەر خەبات و تێكۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین.